# کەرکوکی و موفتی سیاسەت و عادەتیانە، ڕێگا چارەش خۆ جیاکردنەوەیە لەخۆیان لەسیاسەتیان!

سامان کەریم
zaryak@yahoo.com

سایتی کوردستان نێت بەسەر پەرشتی کاك عومەر فارس کەمپینێکی بەرێخستوە دژ بە لێدوانەکەی عەدنان مفتی سەرۆکی پەرلەمان، ئەم کەمپینە هێشتا لەنیوەی ڕێگایدایە کەچی کەرکوکی جێگری موفتی بەفیفتی فیفتی بە زمانی 30 ساڵ حوکم و ئیعدامو خیانەت لەبەرانبەر ڕەخنەگرانی وتەکەی موفتیو پەرلەماندا قسەدەکاتو لەوە لامێکی بێ ڕەبتی دوا پرسیاری هەولێر پۆست ژمارە 54دا بەم شێوەیە دەدوێت، گە مەگەر هەر شایستەی ئەندام پەرلەمانێکی وەك ئەو نا پەرلەمانەی کوردستان بێت. فەرمونو ووتە بەنرخەکەی کەرکوکی بخوێننەوە"بەڵام ئەوەی دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە هەندی کەس هەن بەناوی نوسەرەوە هەوڵی لەکەدارکردنی سومعەی پەرلەمانو حکومەت دەدەن کە ئەمانە نەك نوسەرنین بگرە داردەستی بێگانەو دوژمنانن. چونکە لەماوەی ڕابوردودا لەیەکێك لە ولاتە دراوسێکاندا لەکۆرێکدا گوتبوویان ناتوانین بەهێزەوە بچینە باکوری عێراق لەبەر وەزعی دەولیو هیزەکانی هاوپەیمانان، بەلام دەتوانین لەریگەی هەندیٰ کەسانی خۆیانەوە پەرلەمانو حکومەتەکەیان لەبەرچاوی خەلك ناشیرین بکەین. بۆیە داوا لەخەڵکی دەکەم ئاگاداری ئەو جۆرە کەسانە بن کە لەڕێگای نوسینەکانەوە ژەهر دەرێژن. ئەوانە دەستێك لە پشتیانەوەیە بۆ ئەوەی ئەم ئەزمونە لە پێش چاوی خەڵك ناشیرین بکەن."

## باری یاسایی ئەم تۆمەتەی کەرکوکی!

نەك ئەندام پەرلەمانێکی وولاتیکی ئەوروپایی ڕۆژئاوایی بەڵکو ئەگەر ئەم ووتانە لەلایەن هەر ئەندامیکی پەرلەمانی تورکیاوە دەربچوایە بەرانبەر بە نوسەرانی تورك، ئەوا بێگومان ئەندام پەرلەمانەکە یان دەبوایە فریای خۆی بکەوتایەو داوای لێبوردنی بکردایە بە شێوەیەکی ئاشکراو لەگەناڵەکانی راگەیاندنەوە یان لەسەر ئەم تۆمەتە کە بەرانبەر بە نوسەرانو ڕۆشنبیران دەیکات دەدرایە دادگا. ئیستا کەمال کەرکوکی تاوانبارە بە تۆمەت پێکردنی ژمارەیەکی زۆر لەنوسەرانو ئیمزاکەرانی کەمپینەکەی کوردستان نێت، پێیان دەڵێت" داردەستی بێگانەو دوژمنانن" ئەمەش لە یاساکانی زۆربەی زۆری وولاتانی دونیادا بەخیانەت لە قەڵەم دەدرێتو خیانەتیش گەورەترین تاوانە لە یاسادا، یان ئەوەتا دەبیت کەمال کەرکوکی داوای لیبوردن لەو نوسەرو قەلەم بەدەستانە بکات یان ئەوەتا دەبیت بیسەلمێنت چۆن ئەوانە "داردەستی بێگانەو دوژمنانن". کەمال کەرکوکی تاوانبارەو پێویستە داداگایی بکرێت.

## عادەتو سیاسەتی بزوتنەوەی کوردایەتیو کەرکوکی یەکێك لەکوێخاکانی!

ئەم جۆرە زمانو تاوانبارکردنە عادەتو سیاسەتی بەردەوامی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیو ڕابەرانو بەرپرسانی بوە بەرانبەر بە ڕەخنەگرانو موخالیفانو نارازیانی خۆیانو تەنانەت بەرانبەر بە نارەزایەتیو خۆپیشاندانی جەماوەری دەیان هەزارکەسیش. تاکو حکومەتی گۆربەگۆری قەومی بەعس مابوو ئەوکات باشترین تۆمەت" تابوری پێنج"بوو کە لەراستیدا تابوری پێنج خۆیان بوونو 31 ئاب دەلیلێکی ڕۆشنو حاشا هەڵنەگری بوو. بەڵام کە حکومەت ڕووخا ئیتر " تابوریپێنج" زۆر مانای نامێنیتو بۆیە پەنایان بردۆتە بەر "دەستێك" ئەم دەستە دەستێکی نابینراو سیحراوییە بەهۆی تیشکەوە کار دەکاتە سەر خەلکی کوردستان!!. " دەستێك" کە هەمیشە دەکریت ناوی نەیەت، بەلام هەمیشە دەکریت سەرکوتی پێبکەیت. دەستێك کە دەسەلاتدارانی بزوتنەوەی کوردایەتیو حکومەتە فیفتی فیفتیەکەیان جورئەتی ئەوە ناکەن نیشانی خەڵکی بدەن چونکە لەراستیدا ئەو دەستە تەنها دەستی سەرکوتی دەسەلاتدارانی کوردستانەو بۆ ئەوەیە کە سەرکوت بکات.

بەلام ئەمجارە کەرکوکی زۆر لە "دەست" زیاتر رۆیشتوەو کوێخا هەمیشە پیشەی وابوە کە عادەتو قسەی ئاغەکەی بە شێوەیەکی توندترو فراوانتر دەباتە پێشەوەو زیاتر سەرکوت دەکات. ئەمجارە کەرکوکی بە ڕەخنەگرانی دەڵێت" داردەستەی بیگانەو دوژمنانن". خۆ ئەگەر لەم سەرۆك پەرلەمانە جیگرە بپرسیت لوتفەن کێن ئەو دژومنانە؟! هەرگیزاو هەرگیز جورئەتی دیاریکردنیانی نیەو ئەویش وەکو دەستەکە سیحراوییە، وەکو دەستەکە لای ئەوان نا مەرئیە. بەلام بەلگەی ئاشکرا نەکردەکەشی لەراستیدا ئەوەیە کە ئەوان خەڵکی ناڕازی کوردستانو موخالیفینی سیاسی خۆیان جا گروپ بن یان حزب بن یان تاك بن، بە دوژمنی سەرسەختی خۆیانی دەزانن. ئەو ناتوانێت بەئاشکرا ڕابگەیەنێت کە خەلکی نارازی کوردستان دوژمنی ئیمەن. دوژمنی ئەوانن چونکە گەندەلیەکانیان ئاشکرا دەکەن، دوژمنی ئەوانن

چونکە پێیان دەڵێن" ئەمە سەروەتو سامانەتان لەکوێوە هێنا؟!" دوژمنی ئەوانن چونکە خۆپیشاندان دەکەنو ناڕازی دەبن، دژومنی ئەوانن چونکە قەلەمەکانیان کەندەڵیو ڕاووڕوتەکانیان ئاشکرا دەکات، دوژمنی ئەوانن چونکە ساتو سەودای سیاسیان بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانەوە ئاشکرا دەکەنو دوژمنی ئەوانن چونکە خواستو دواکاریی سیاسیو ئابوریيان هەیە.... چونکە ناهلێن بە خەیاڵی ڕەحەت ئەوەی "خودا داویەتی بیخۆن!!" چونکە بە قەولی خۆیان "گیرەشوینی دەکەن" خۆپیشاندان دەکەن، رەخنە دەگرنو ئیزعاجیان دەکەن. ئەگینا ئەوان تا ئیستا لەگەل هەرچی جارو جانەوەری کۆنەپەرستی ئیسلامیو سیاسیو قەومیيە لە بەغدا سازاون، ئیتر دەبیت کێ دوژمنی ئەوان بێت؟! حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیو سەرانی ئەم حزبانە ئەوانەی کە پێیان دەلێن "بیگانەو دوژمنانن" کامەیانە ئەوان لاملیان ماچ نەکردبیت وبەدەیان جار بە "دۆستی کورد" لە قەلەمیان نەدابیت؟! ئیتر ئەم قسە بێمانا و ناوەرۆك پوچانە چیيە بە خەڵکی کوردستانی دەفرۆشنو لەوەش زیاتر بێباکانە نوسەرانو کەسانی ئازادایخوازی پێ تۆمەت بار دەکەن.

ئەم جۆرە لەفزو دروستکردنی دوژمنە هەمیشە عادەتی بزوتنەوەی کوردایەتی بوە بۆ بێدەنگ کردنو سەرکوتی موخالفینی سیاسی خۆیانو لەهەمان کاتدا سیاسەتێکی بەشدەت دواکەوتوو شاخاوییە بۆ سەرکوتو ساوکردنی زەمینە بۆ لێدانو ڕەشەکوژیو تەنانەت هەلکوتانە سەر لایەنی سیاسیو داخستنی ڕۆژنامەو.... کە نمونەکانی بەدەیانە.

## ڕێـــــــگا چارە!

کەرکوکی ئەوە هەموو قسەو باسو سیاسەتو بیرکردنەوەیەتیو لەوە زیاتری لێهەلناکرێت. سەرانی هەردوو حزبی دەسەلاتداریش خوێندەوەی سیاسیان هەر ئەوەیە کە ئومێدیان بە مالکیيەو دەلێن" جاری زوە بۆ ئەوەی هەڵیبسەنگێنین"، ئەوان سیاسەتو ئالوگۆرە سیاسیەکان تەنها لە ڕێکەوتنی خۆیانەوە دەبینن لەگەڵ ئەو دەستەو تاقمەی بەغدا دا کە ڕۆشنە پێکەوە عێراقیان بەکوێ گەیاندوە. بەلام ئەوان ساغن لەسەر بردنە پێشەوەی سیاسەتی خۆیان، ئەوان هەمیشە بەوەفابون لە بەرانبەر"پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراقدا". من بیرم نایە" صدام حسین" بەوهەموو کۆنەپەرستیو عروبیەتەی خۆیەوە هێندەی ئەمانە بە وەفا بوبێت بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق. ئەوان باوەری قوڵیان بە عێراقی یەکگرتوو پاراستنی یەکپارچەییەکەی هەیە بۆیە فیدرالیەتیان هەڵبژاردوە، چونکە لەمەرکەزدا هاوبەشی دەسەلاتن چونکە سەرمایەدارانی کوردو بورژوازی کورد وەکو چینێك لەسایەی ئەم وولاتە یەکگرتوەدا خێروبێری باشتری پێدەبرێتو زێدەباییەکی بەرزتری چنگ دەکەوێت، ئەمە گرینگترین تەوەرەیەکە کە ئەوان پشتیان پێبەستوە. جا بۆ یەکێتی وپارتی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانو مافە سیاسیو مەدەنیەکانیان یەك سەلکە توریش نیەو چی بەسەر دێت لەسایەی کۆنەپەرسترین دەسەلاتی ناوچەکەدا، هیچ گرینگ نیە. بۆ ئەوان سازانو ڕیگەوتنو لەگەل تیرۆریستانی ئیسلامی سیاسیو جەماعەتی فرق الموتی وەزارەتی داخلی کە هەرهەمویان سەر بە مونەزمەی بەدرن، زۆر ئاساییە، بۆئەوان ڕیکەوتنو ساتو سەودا کردن لەگەل باندەکەی صەدر دا وەك ئاو خواردنەوە وایە، چونکە لای ئەوان سیاسەت بۆیان بۆتە بازرگانی بە بەرژەوەندی خەلکی کوردستانەوەو گرینگ ئەوەیە کە کوردستانیان فیفتی فیفتی دابەشکردوەو هەروەها فیفتی فیفتی سەرۆکایەتی عیراقو کوردستانیان دابەش کردوە، چەندین فیفیتی فیفیتی تریش. الحقی ئەوان هەمیشە وابوون، ئەی هەڵبژاردنەکان بۆ پەرلەمانی عیراقو دەنگدان بۆ دەستور چی بوون؟ ئەی بۆچی لە کاتی دەنگدانەکاندا هاواریان دەکردو لەسەر لافتە دەیان نوسی دەیان گوت" ئەوەی دەنگ نەدات مافی ئەوەی نیە لەکوردستاندا بمێنیتەوە" ئەوەی "دەنگ نەدات پیاوی ملازم موحسینو.." ئەمە سەردیری چەندین لافتەو چاوپێکەوتن بوون... هەروایان کردو خەڵکیان ڕاپیچکردو فیدرالیەتیان ناو لێنا "مافی چارەنوس"و بە تاڵو شیرین فەرزیان کرد بەسەر خەڵکدا. ماددەی 58 کە 140ی ئێستایە لە ژێر ناوی گێرانەوەی ناوچە کوردییەکاندا کراوە بەگەورەترین مەسەلەی ئەمرۆی خەلكو چاوبەستی پێکراوە کە لەراستیدا بەبێ جیابونەووەی کوردستان نەك ئەو کێشەیە چارەسەر ناکرێت بەڵکو تابیت توندترو توندتر دەبێتەوە. پاشان گیرانەوەی کەرکوك بۆ سەر کوردستان چ مانایەکی هەیە لەکاتیکدا کە کوردستان لە بەغداوە بچەرخێت!.... بۆ موفتی لە ڕوانگەی خۆیەوە حەقی خۆیەتی وابلێت ئەو هیچ شتیکی زیادی نەوتوە لە سیاسەتێك کە لە ژێر ناوی " بۆکوردە بۆ یەکێتی وپارتیەنیە" چەندین هەزاریان هەر لە دەرەوەی وولات پێبردە بەردەم ئەو صندوقانەی کە مۆری "عێراقی بوون" و لکاندنی کوردستانی مسۆگەر کرد، هەموو ئەوانەی کە بۆ "کوردە" دیارە مسۆگەرە کە دەچێتە گیرفانی کێوە. بۆیە لەمبارەوە ڕیگا چارەی دروست تەنها بە رەخنە لە موفتی و تەنانەت لەکەرکوکی مەیسەر نابیت. سەرنجدانیکی کورت لە مێژووی پارتیو یەکێتی بەسە بۆ ئەوەی کە ڕۆشن سیاسەتو عادەتو هەلسوکەوتی ئەم دووحزبەو سەرکردەکانی چونە. چاوەروانی دادی هیچ کەس نادات و بەزەرەری خەڵکی کوردستان تەواو دەبێت جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بە دەوڵەتو

دەستورێکەوە کە دین جیا بێت ل‌ی‌ی وە دین جیا بیت لە پەروەردەو خوێندن، کە تەواوی ماف‌و ئازادییە سیاسیەکان بەشێوەیەکی یاسایی مسۆگەر بکات لەوانە ئازادی خۆپیشاندان‌و مانگرتن‌و رەخنەگرتن‌و ڕۆژنامەگەری‌و بیروراو، زامنکردنی هەموو ئەو ئازادییە سیاسیانەی کە دەسەلاتی پارتی‌و یەکێتی لێیتۆقیون.. هەموو ئەو مافە سیاسیانەی کە خەڵکی کوردستان لەسایەیدا هەم نارەزایەتی دەکەن هەم دەنوسن لەسەری.. دەوڵەتێك کە مافە فەردی‌و مەدەنیەکانی خەڵکی کوردستان بەبێ هیچ هەلاواردنێك دابین بکات.... ئەمە ڕێگایەکەی گونجاوە هەم بۆ هەموو ئەوکەسانەی لە هەر ڕوانگەیەکەوە پێیان ناخۆشە بەعێراقی ناو ببرێن هەم بۆ هەموو ئینسانانەی کە نایانەوێت لەسایەی دەسەلاتێکی کۆنەپەرست‌و تیرۆریستی وەك ئەوەی لەبەغدا هەیە بژین. ئەمە خۆجیاکردنەوەیەکی سیاسیە لە هێزە سیاسیەکانی ئەمرۆی بزوتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی عێراق. خۆجیاکردنەوەیەکی سیاسی و پراتیکی لەهەمانکاتدا هەوڵدان‌و خەباتکردنە بۆ ئەم ئەلتەرناتیڤە.